KURDISK

## ئایا تۆ قوربانی دەسدرێژی سێکسی بوویتە؟
## یان کەسێک دەناسی کە بووبێتە قوربانی ؟

## ئایا پێویستت بەوە هەیە لەگەڵ کەسێک قسە بکەی؟
## ئێمە پابەندین بە ئەرکی پاراستنی نهێنیەکانی تۆ!

DIXI تێدەکۆشێت بۆ یارمەتیدانی قوربانیانی دەسدرێژیی سێکسی و خێزانەکانی ئەوان، بۆ ئەوەی زانیاری بڵاو بکەنەوە لەبارەی زیانی دواکەوتوو و زیانی ئاکامی، وە هەروەها ئاستی وریایی جەماوەر لەمبارەوە بەرز بکەنەوە. ئێمە بە زووترین کات زانیاری و پاڵپشتی دابین دەکەین بۆ قوربانیان و خێزانەکانیان. خزمەتەکانی DIXI هەروەها بۆ پیاوان و کوڕانیش دابین دەکرێت!

زۆربەی ئەندامانی ئەم ناوەندە تووشی دەسدرێژیی سێکسی هاتوون یان بەسەرهاتی لەم چەشنەیان هەبووە، و ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە بۆ بەکارهێنەرانی نوێی ئەم ناوەندە ئاسانتر بێت کە لەگەڵمان پەیوەندی بکەن. ئێمە داخوازی شتێک لە تۆ ناکەین ئێمە لە حاڵی تۆ تێدەگەین.

**ئێمە دەتوانین ئەمانەی خوارەوە دابین بکەین:**

- دانیشتنی دەستەیی و گفتوگۆی یەک–بە–یەک بۆ قوربانیانی دەسدرێژیی سێکسی و خێزانەکانیان
- ڕێنوێنیکردن لە ڕێگەی تەلەفۆن، ئیمەیل و پەیامۆک (ئس.ئم.ئس)
- پێدانی زانیاری لەبارەی مافەکانی تۆ
- یارمەتیی یاسایی خۆڕایی
- دانیشتن و وتارخوێنیی شەوانە
- زانیاری لەبارەی ئاژانسەکانی یارمەتیدان
- وتاوخوێنی لە خوێندنگەکان، بۆ سیاسەتمەداران، ئەنجومەنەکان و ئاژانسەکانی یارمەتیدان بەگشتی
- لیستی پێشنیارکراو بۆ خوێندنەوە

**دەسدرێژیی سێکسی چییە؟**

دەسدرێژیی سێکسی تاوانێکی پێچیدەیە کە دەتوانێ ببێتە هۆی زیانی جەستەیی، دەروونی و کۆمەڵایەتی بۆ قوربانیان. لە هەندێ حاڵتدا ئەم تاوانە زیان دەگەیەنێت بۆ هەموو ژیانی ئایندەی قوربانی.

هەرکەسێ کە بەهۆی توندوتیژی یا ترسی لەدەسدانی گیان یا سەلامەتی ناچار بکرێت لە پەیوەندییەکی سێکسی دا بەشدار ببێت، بە قوربانیی دەسدرێژیی سێکسی دادەنرێت. هەروەها ئەگەر ئەو کەسە بە هۆی ژەهراویبوون یا خەولێکەوتن نەتوانێ لە بەرانبەر ئەم کارە لە خۆی بەرگری بکات دیسان کردارەکە بە دەسدرێژیی سێکسی ئەژمار دەکرێت – لەم حاڵەتەدا مەرجی پێشوریایی لە توندوتیژی یان زۆرلێکردن بە کار ناهێنرێت.

زۆربەی دەسدرێژیە سێکسیەکان لەلایەن کەسانێکەوە ڕوو ئەدات کە لەگەڵیان پەیوەندیتان هەیە. بە هەندێ لە حاڵەتەکان دەگوترێت دەسدرێژی جێژوان واتە ئەو حاڵەتانەی لە کە شەوانە و لە کاتی ئاشنابوون لەگەڵ کەسێک ڕوو ئەدەن، و ڕێژەیەکی کەمیش بریتین لە دەسدرێژی بە هۆی هێرشی تاوانکاری نەناسراو.

جگە لەمە، حاڵەتێکی تر هەیە کە پێی دەگوترێت دەسدرێژی گەنجان. ئەمە حاڵەتێک لە پەلاماری سێکسییە کە زۆرجار لە نێو گەنجانی هاوتەمەن دا کە یەکتری دەناسن ڕوو ئەدات. لێرەدا، بەگشتی زۆرلێکردن یان توندوتیژی بە کار ناهێنرێت، بەڵکوو گوێ کەسی تاوانکار تەنیا ڕێز ناگرێت لە وەڵامی "نەخێر"ی کەسی بەرانبەر.

## خزمەتەکانی ئێمە خۆڕایین! تۆ هەمیشە دەتوانی لەگەڵ ئێمە پەیوەندی بکەی!


**ناوەندی سەرچاوەی DIXI لە ئۆسلۆ**

**تەلەفۆن:** 22 44 40 50/930 58 070

**ئیمەیل:** dixi@dixioslo.no

Arbinsgt.1, 0253 Oslo